سەید حەکیم پەویستی فراوانکردنی گفتوگۆی نیشتمانی و پتەوکردنی لەك تێگەیشتن بۆ یەکلایی کردنەوەی شایستە سیاسییەکان و سەقامگیری ئابووری دووپات دەکاتەوە



لەمیانەی جووڵە بەردەوامەکانی، بەتایبەتیش سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئاراس حەبیب ئەمینداری گشتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کرد و لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە ڕوویاندا.

لەم دیدارە باسی دەسپێکی شایستەکانی هەڵبژاردنەکان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار و پێکهێنانی حکومەتی تازە کرا، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە پانتایی زیاتر بە گفتوگۆ بدرێت و لەك تێگەیشتنی نیشتمانی هەبێت بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بۆ ئاوەژووکردنی گەرەنتی سەقامگیری سیاسی بکرێت و بژاوەندییەکانی ولاتیش پارێزراو بێت، سەماحەتی ئاماژەشی کرد کە بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەیپێویستە لەپێش هەر شتێکی دیکە بێت و جەختیشی کردەوە کە گرنگە ئیدارەداین ئەو قۆناغە بەووحیەتێکی پڕبەرپرسیارێتی نیشتمانی بێت.

لە دیدارەکە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر واقیعی ئابووری بەخۆوە بینی، کە تێیدا سەید حەکیم داوای وەبەرهێنانی تواناکانی دەوڵەتی بۆ زیادکردنی داهات و سنووردارکردنی خەرجییەکان و گرتنەبەری دیدێکی ستراتیژی ڕوون بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان کرد لەسەر بنەما و پڕگرامی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و کارکردن بە دووركەوتنەوە لە پشت بەستن بە یەك داهات کە نەوت و پاراستنی ئابووری عێراق لە نرخی کاریگەری هەبەز و دابەزی نرخەکانی نەوت..